

# چۆن کۆمپیوتەرەکەت بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دادەخەی

رەنگــە زۆرجــاران ئەوە لــە ژیانی رۆژانەدا بێتە پێش کە بەردەوام لەســەر کۆمپیوتەرەکەت نەبیت و ئەو کاتانەی کــە کۆمپیوتەرەکەت لــە ژوورەکەت جێدەهێڵــێ حەزناکــەی بیکوژێنیەوە، چونکــە پرۆگرامێکــت کردۆتەوە یان گەمەیەکــەت تــەواو نەکــردووە، یان نەتتوانیەوە بەتەواوی ســەیری فیلمێك بکەی، بەڵام حەزیش ناکەی کەســانی دیکە بێن کۆمپیوتەرەکەت دەســتکاری بکــەن، لە سیســتەمی وینــدۆز 7دا دەتوانــی ئەوکاتانــەی کــە لەســەر کۆمپیوتەر نی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ئۆتۆماتیکی کۆمپیوتەرکەت قفڵ بێت. بۆ ئەو مەبەســتە لەســەرەتادا لەسەر شاشــەی کۆمپیوتەرەکەت کلیکی لای راســت بکە، و پاشان فەرمانی -Pe sonalize لێبــدە، دواتر فەرمانی Screen saver لێبــدە، پاشــان ئەو ســەح لەو فەرمانە بدە -On r sume، display logon screen. پاشــان ئەو ماوەیەی کە دەتهەوێ سیســتەمەکەت قفڵ بێت لە بەشی Wait دا بنووسە. لەمەو بەولا بۆ ئەو ماوەیەی کە لەسەر کۆمپیوتەرەکەت نی شاشەکە قفڵ دەبێت.

# فایلە PDFەکــــان

PDF ستانده‌رەکە بۆ بچووککردنەوەی فایلــە دەقی و وێنەییــەکان، بەتایبەتی فایلە دوکیومێنتییەکان تاکو لە ئینتەرنێتدا هەموو لایەك سوودی لێوەرگرن. PDF بــۆ ئەرشــیفکردن و راگرتنــی بەڵگە گرنگەکان زۆر بە سوودە، چونکە بەهۆی ئەو فۆرماتەوە تاراددەیەکی زۆر قەبارەی فایلەکانی دەق و وێنە کەم دەبنەوە. بەڵام جگە لە PDF شــێوازی دیکەش هەیە بۆ کەمکردنەوەی فایلەکان و ئاســانتر و گونجاوتریشــە. پرۆگرامی A-PDF scan Optimizer یەکێــك لــەو پرۆگرامە تایبەتانە کە بەهۆیەوە دەتوانێ قەبارەی فایلە سکان کراوەکان کە بەهۆی ســکاینەرەوە دەبنە PDF بەشێوەیەکی بەرچاو کەم بکاتەوە. گۆڕینــی دوکیۆمێنتــە رەنگییەکان بە رەش و ســپی، لابردنی لاپەرەی ســپی زیادە، بەشێکە لە تواناکانی ئەو پرۆگرامە. هەروەها تایبەتمەندی پرۆگرامەکە لەوەدایە کــە لاپەرەکان رێك دەخات، بۆ نموونە گەر لاپەرەیەك بە خواری ســکان بکرێت، ئەو پرۆگرامە سەرلەنوێ راستی دەکاتەوە و رێکی دەخات. هەروەهــا بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەکــرێ گشــت فایلە ســکانکراوەکان لە فۆڵدەرێکدا دابندرێــن. ئەوانەی کە هیچ شــارەزاییەکیان لە سکانکردنیش نییە تەنیا ئەوەندە بەســە کــە دوکیومێنتەکە بخەنە ناو ســکاینەر و دوگمەی سکان دابگرن، ئیدی ئــەو پرۆگرامــە ئەرکەکانی دیکە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی جێبەجێ دەکات. ئێوە دەتوانن ئــەو پرۆگرامە لەو لینکەی خوارەوە دابەزێنن. http://clicklinks.ir/30205a

# بچووکترین فلاش میمۆری 64 گیگابایتی




فلاش درایــڤ، یــان فلاش میمۆ ری کە بــە زۆری لەلای ئێمە هەر بە فلاش ناسراوە، ئامێرێکی گرنگە بۆ هەڵگرتنی داتا شەخســییەکان، گرنگی ئەو ئامێرە لەوەدایە کە قەبارەکــەی بچووکە، بەڵام قەبارەی داکردنی داتــاکان لەو ئامێرەدا گەلێك زۆرە، لەم دواییانەدا کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنی فلاش درایڤ، فلاشــێکی بەرهەم هێنــاوە کە بە Pico- C special edition ناســراوە، ئەم فلاش درایڤە کێشــەکەی تەنیا شــەش گرامە، بەڵام قەبارەی داکردنی داتاکان لەو فلاشــەدا 64 گیگابایتە. بەهۆی بچووکی فلاش درایڤەکە هیچ سەرپۆشێکی بۆ دانەنراوە. ئەم فلاش درایڤە سەرەڕای ئەوەی قەبارەی داکردنی داتاکانی زۆرە، نرخەکەشی زۆر لە قەبارەی داکردنی داتاکان کەمتر نییە، چونکە رووپۆشــی فــلاش درایڤەکە لە زێڕی 24 عەیارە.

# بچووکتر دەبنەوە




# ئامێرێکی GPS لە پەنجە دەخرێ




GPS ئەو ئامێرەیە کە بۆ دۆزینەوەی شوێنە نەناسراوەکان کەڵکی لێوەردەگیرێ، بـۆ نموونە ئەوکاتـــەی کـــە نیازتە بە ئۆتۆمبێل بە شوێنێکدا برۆی، بەئامێری GPS بۆت دەردەکەوێ کە کام شـــوێن قەرەباڵغە یان کام شوێن ترافیکی کەمە. لەم دواییانـــەدا کۆمپانیایەك ئامێرێکی بەرهەم هێناوە کە وەك کاتژمێر لەدەســـت دەخرێت. ئـــەو ئامێـــرە دیجیتالییە ســـەرەرای نیشـــاندانی نەخشـــە دیجیتالییەکان، دەتوانێ وەك MP3 playerیەکیش ســـوودی لێوەربگیرێ و گوێ لە فایلە دەنگییەکان بگیرێ. ئامێرەکە بەشێوەیەکی ئۆنلاین لەگەڵ مانگە دەســـتکردەکان لە پێوەندی دایە و دوایین زانیاری سەبارەت بە شـــوێنە جۆراوجۆرەکانی جیهان نیشان دەدات. هەروەها بە سیستەمی Wi-Fi یەوە بـــە ئینتەرنێـــت پێوەنـــد دەدرێ و دوایین نەخشە ئۆنلاینەکان لە ئینتەرنێت وەردەگرێ.





# ئاگادار بە هاردی کۆمپیوتەرەکەت تێک نەچێت!

هارد کۆگای خەزنکردنی گشت داتاکانە لە کۆمپیوتەردا، کە هارد تێکچوو، ئیدی گشـــت داتا و فایلەکانی سەر کۆمپیوتەر لەناو دەچن، جار هەیە ئەو زانیارییانە ئەوەندە بەنرخن کە بە مـــادە و پارە ناخەملێنرێن، بۆ نموونە کتێبێکـــت هەیە یان وێنەیەکی دەگمەنت هەیە کە تەنیا یەك نوسخەشت هەیە و ئەویش لەســـەر هاردەکەیە، ئەگەر هاردەکەش تێکچـــوو ئەوکات چ دەکەی، یان زانیاری داتابەیسێك کە لەسەر هاردی کۆمپیوتەرێك بێت، و داتابەیسەکەش هی بانکێك بێ، ئەوکاتە چ زیانێك بەو بانکە دەکەوێت؟

پرۆگرامـــی Hard Disk Se-tinel بـــۆ ئەوەیە کە هـــەر گرفتێك لە هارددیسکدا هاتە پێش، ئاگادارت بکاتەوە، ئـــەو پرۆگرامە ناتوانێ زەمـــان بۆ دواوە بگەرێنێتەوە، بەڵام دەتوانێ بەر لەروودانی هەر کارەســـاتێك بۆ هاردەکەت ئاگادارت بکاتەوە، وەك ئەو گلۆپە ئاگادارکەرەوانەی لەسەر ئۆتۆمبێلن و هەر کامیان هێمایەکە بۆ شـــتێکی گرنگ و لەکاتی روودانی مەترســـییەکدا ئـــاگادارت دەکەنـــەوە. پرۆگرامەکـــەش بەم شـــێوەیە، بەڵام ئەو پرۆگرامە بەر لە مەترســـییەکە ئاگادارت دەکاتـــەوە. ئـــەو پرۆگرامـــە دەتوانێ لە گەرمای ناو کۆمپیوتەرەکە، گواستنەوەی داتاکان و هەر رووداوێك بەسەر هاردەکەدا بێت، زەنگـــی هۆشـــیارکردنەوە لێبدات. دەتوانـــی بێ گرفت ئـــەو پرۆگرامە لەو سایتە وەربگری. http://clicklinks.ir/30205e

# گونجاندنی پرۆگرامەکان لەگەڵ ویندۆز7




ویندۆز7 کە ئێستا نوێترین سیستەمی ویندۆزی کۆمپیوتەرە، تارادەیەك توانی ئەو بۆشاییەی کە لە ویندۆز ڤیستادا هەبوو پڕ بکاتەوە و سەرنجی بەکارهێنەران بۆ لای خۆی رابکێشێ، خاڵە باش و ئیجابیەکانی ویندۆ7 لەوەدایە کە ئەو کەسەی کە شارەزاییەکی کەمیشی لە کۆمپیوتەر هەبێ دەتوانێ ویندۆزەکە دابەزێنێتە سەر کۆمپیوتەر و پێویست بە پێناساندنی پارچەکانی کۆمپیوتەر بەو سیستەمە ناکات، خۆی ئۆتۆماتیکی پارچەکان دەناسێت، بەڵام ویندۆز7یش کەموکوری خۆی هەیە وەك ئەوەی کە ئەو پرۆگرامانەی کە بۆ ویندۆزەکانی پێشووتر دروست کرابوون بە باشی وەرناگرێ، وەك دەڵێن بۆ هەموو تەنگەژەیەك چارەیەك هەیە، باشترین چارەی ئەوەش دابەزاندنی پرۆگرامی Yamicsoft Windows 7 Managerە، ئەو پرۆگرامە بەهێزە کە بۆ سیستەمی ویندۆزی 7 بەرهەم هاتووە، کەموکورییەکانی ئەو ویندۆزە چارە دەکات، بەتایبەتی کێشەی نەگونجانی پرۆگرامەکان کۆنەکان لەگەڵ ئەو ویندۆزەدا.

ئەو پرۆگرامە سەرەڕای ئەوە ئەو فایلە زیادانەی کە کە لەسەر کۆمپیوتەردا هەن و شوێنیان داگیرکردووە دەسرێتەوە. هەروەها ئەو فایلانەی کە دوای کردنەوەی سایتێك ئۆتۆماتیکی دادەبەزێنە سەر کۆمپیوتەر. ئەو پرۆگرامە دەتوانێ گشت زانیاری سیستەمەکەت لە سۆفتوێرەوە بگرە تا هاردوێر نیشان بدات.


# سایتێکی گرنگ

قەرەباڵغکردنی کۆمپیوتەر بە دانانی دەیان پرۆگرام، دەبێتە هۆی ئەوەی کە سیستەمی کۆمپیوتەر تا رادەیەك سست ببێت، لەم نێوەدا سایتێك هەیە کە بەبێ ئەوەی هیچ پرۆگرامێك دابەزینە سەر کۆمپیوتەر دەتوانی لە زۆربەی پرۆگرامەکان سوود وەربگری. بۆ نموونە فایلێکت هەیە کە بە پرۆگرامی word 2010 نووسراوە، کەچی کۆمپیوتەرەکەت ئەو پرۆگرامەی لەسەر نییە، یان کارت بە وێنەیەك دەبێت کە نیازتە دەستکاری بکەی، هیچ چەشنە پرۆگرامێکی گرافیکی لەسەر کۆمپیوتەرەکەت دانییە، لە کاتێکی ئاوادا سایتی www.spoon.net یارمەتیدەرتانە. لەسەرەتادا دەبێ پرۆگرامێکی بچووك لەو سایتەدا دابەزینن پاشان، لیستی گشت پرۆگرامەکانت بۆ دەکرێتەوە، هەر پرۆگرامێك پێویستت پێی بوو، دەتوانی سوودی لێوەربگری.


# پرۆگرامێک بۆ گۆڕینی کاسێتەکان بە CD

هێدی هێدی کاسێت بەرەو نەمان دەچێت، کاسێت کە ئامرازێك بوو بۆ تۆمارکردنی دەنگ، بەدوای هاتنی CDدا ئیدی وەك جاران سوودی لێوەرناگیرێ و لە ماوەیەکی کەمدا تەنیا وەك ئەرشیف دەمێنێت. لەلای ئێمە مۆسیقا و گۆرانییە کۆنەکان بەزۆری لەسەر کاسێت تۆمارکراون و هەرچەندە زۆریشی کراوەتە CD.


گەر تۆ حەز دەکەی یەکێك لەو کاسێتە کۆنانە بکەی بە CD، پێویستە سوود لە پرۆگرامی VinylStudio وەربگری، بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەتوانی گۆرانی سەر کاسێتەکان بکەی بە فایلێکی دیجیتالی. بەهۆی ئەو کارەوە نەتەنیا گۆرانی و مۆسیقاکە لەناو ناچێت، بگرە کوالیتشی زیاتر دەچێتە سەر. خشە و دەنگی زیادی بە ئاسانی بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە لادەبردرێن. دەتوانی ئەو پرۆگرامە لەو لینکە وەربگری. http://clic-links.ir/30205c



# بۆ هەموو کەسێک




# پرۆگرامێکی گرنگ بۆ کاتە گرنگەکان




حەز دەکەی کۆمپیوتەرەکەت لە کاتێکی دیاریکراودا، بکوژێتەوە، زۆر لە ئیدارەکان هەن کە کارمەندەکانیان لە دوای خۆیان کۆمپیوتەرەکەیان ناکوژێننەوە، بۆیە هەتا ڕۆژی دواتریش کۆمپیوتەر هەر ئیش دەکات، بەڵام حەز دەکەی شتێکی وا نەیەتە پێش. حەز دەکەی کۆمپیوتەرەکەت لە کاتێکی دیاریکراودا دابگیرسێ، حەز دەکەی ئەو کاتانەی دەنووی کۆمپیوتەرەکەت ئۆتۆماتیکی گۆرانییەکی خۆشت بۆ لێبدات و بەیانیانیش لەخەوت هەستێنێ. هەموو ئەو ئەرکانە بە پرۆگرامی In-telligent Shutdown بسپێرە، ئەو پرۆگرامە دەتوانێ لە کاتێکی دیاریکراودا کۆمپیوتەرەکە بکوژێنێتەوە، یان ئەو پرۆگرامەی نیازتە بیکەوە بیکاتەوە. یان کاتژمێرێکی دیاریکراو پێوەندی لەگەڵ ئینتەرنێت نەمێنێ. پرۆگرامەکە دەتوانی لەم لینکە وەربگری. http://clicklinks.ir/30205d



www.gulan-media.com/it
بەرپرسی فایلی ئایتی: سەنگەر شنۆیی: بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504514008 Email: it @gulan-media.com